کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-4-2007 21:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لە باوەشی تۆو مەرگدا ... کانی هەڵەبجەیی



ئێوارەیەک من بەتەنها ڕونیشتبوم
لە بالکۆنی خەیاڵمەوە تەماشای یادگارییەکانم دەکرد
خەندەم ئەژنۆی شکا بو
لە تاوانا هانام بۆ گۆچانی ئەسرین ئەبرد
لە دورەوە ... ئەتۆم بینی
وەک منداڵێکی هار
بەرەو پیرم ڕاتدەکرد
من هەر تەماشام ئەکردی
تا چەپکێ نێرگزت خستە بەرچاوم و
وتت؟.. بیرم کردی
لەو ساتەدا
بۆنی نێرگز مەستی کردم
دو وشەکەت؟
پەستیان کردم
نەم ئەزانی چی بڵێم.. !
من چاوەڕوانی تابوتێک بوم
بێت لە خۆیم بگرێو
کۆتایی بەم تەنهاییەم بێنێ
چاوەڕوان بوم
تاڵی خەیاڵێک
شنەبای وڵاتم بۆ بێنێ و
دەستەکانی تۆش... ؟
خۆڵ و گڵی وڵات بۆ گۆڕەکەم بێنێ
من چاوەڕێ بوم
دێڕی شیعرێ
فاتیحام بۆ بخوێنێ و
دەنگی کەوێکیش
پاساری و گوڵ و گەڵای ئەم نامۆییە
بۆ مەرگی من بگرێنێ..
کەچی هاتوی ... . بە چەپکێ نێرگزەوە
ژیانت بۆ هێناوم
هاتوی کلیلی دەرگای کۆشکە داخراوەکەی
ئەوینێکی ونت بۆ هێناوم
بە بیرم دێ ...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

من دەمویست بە بۆنی چڵە نیگزەکان بتوێمەوە
دەمویست چاوم تێر کەم لە ڕەنگ و بۆیان و
بۆ ساتەکانی بەرائەتی منداڵیم بگەڕێمەوە
من خۆم ئارایشت ئەکرد بۆ مەرگ
ئەمویست جلێ نێرگز؟
لۆ کەپوم بکەمە خەزێم
ڕەنگی کراسی دایکی شەهیدێکیش
بکەمە کل و، ... لە چاومی نێم
لەو کاتەدا تۆ لێت پرسیم
بۆ هێند جوانی؟
وتم لاوۆ من کوا جوانم؟
جوانی وا لای خۆر
لای مانگ
لای ئەم چڵە نێگزانە و
لای سیما بێ هاوتاکەی نیشتیمانم
وتت.. تۆ سەیری زەردەپەڕ کە
ڕێک بە پرچت دەچێ
تەماشای پەڕەکانی ئەم نێرگزە کە
دەڵێی ڕوی تۆیە...
گەر بشڕوانیتە تیشکی ئەختەر
دەزانی کە بە شەوقی چاوت ئەچێ
وتت... تۆ لێوانت گوڵە هەنارە
هەستت گشت وەرز و ساتێکی؟
بە تاقی تەنها بەهارە
گەردنت ئەڵیی ڕێک و جوانی؟
لاشەی مارە ...
وتت.. ڕومەتەکانت
وەک گوڵە باخ.. هەردەم ئاڵە
دڵیشت هەمو کاتێ
تەڕە و پڕە لە ژیان ...
وەک دڵی کیژێکی چواردە ساڵە
تۆ هەر وەسفی منت ئەکرد
منیش گوێ قوڵاخی دەنگی کەو بوم
تۆ هەر وەسفی منت ئەکرد
منیش چاوەڕوانی عیزرائیل بوم
دەستت گرتم
وتت وەرە بڕۆین...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەچی دەستم لێکشاندیتەوە
دەستت هێنا بە پرچمدا و
گەمەت بە پەرچەمم ئەکرد
بە بێدەنگی چەند هەنگاوێک
خۆمم لێ دوور خستیتەوە
هاتی ئەم جارەیان؟
دەستێکت لە کەمەرم ناو
ئەوی تریش لە گەردنم
وتت جێم مەهێڵە
چاوت لە دییەکانم ڕوان
هەورە تەنیاکانی ئاسمانی چاوانیشم
هێدی هێدی، لەگەڵ نیاگات؟
بون بە باران ...
ڕوخساری تۆ تێکەڵ ئەبو
لەگەڵ سیمای وڵات
وردە وردە لەولاشەوە ... .
فریشتەیەک بەرەو پیرم ئەهات
یادگارییەکانی ئەوینمان و
منداڵی...
فیکڵانکۆ و چاوشارکێ و ماچ
بە شەقامە مردووەکانی خەیاڵ و چاوما
هات و چۆیان ئەکرد
شنەبایەکیش هێور هێور
عەزیزییە سپییەکەمی دەجوڵاند و
پرچی زەردمی دەهێناو دەبرد
تۆش منت بە هەمان شێوە گرتبو
دەستێکت لە کەمەرم و دەستێکیشت لە گەردنم
نەم ئەزانی چیت پێ بڵێم...
چۆن بڵێم گیانە نەکەی بگریت؟
نەکەی دڵت تەنگ کەی
بەدەست خۆم نییە
نزیکە مردنم ... ؟
تۆ هەر قسەت ئەکرد
بەڵام گوێم لە دەنگت نەبو
تەنها دەمبینی ...
زارت دەجوڵێ
چاوت فرمێسکی لێ ئەڕژی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
14-4-2007 21:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ڕۆحت، خەمی لێ ئەبارێ...
بەتوندی ڕاتئەوەشاندم
بەڵام بە ئاگا نەدەهاتمەوە
دونیا بە دێوی مەرگ ئەیتۆقاندم
پاشان سەرت هەڵبڕی و
چاوە تەڕەکانت بڕییە ئاسمان
ئاگام لێبو. هاوارت ئەکرد بۆ یەزدان
توند دەتوسانم بە سنگتەوەو
دڵت پڕ دەبو لە گریان...
هەر کە چاوت لە چاوانم ئاڵاندەوە
چاوم نوقاو
ڕۆحم دەستی کرد بە گەشتێک
بۆ حەوتەمین قاتی ئاسمان
ئیدی هەستم بە هیچ نەکرد
تاکو دوایی؟
تۆم بینییەوە
لە گۆڕستان
هاتبوی بە دەم هەنسکەوە
گۆڕەکەمت ڕەنگ ئەکرد
بە ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان
باوەشت بە مەزارەکەمدا ئەکرد و
هەر دەتچرپاند
خۆشم ئەوێی...
لە بیرت ناکەم
تاقە گوڵی من لە ژیان
تێبینی: فیکلانکۆ، یارییەکی منداڵانەی کوردەوارییە.

هۆڵندا
Kani_awin@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.